بەخێربێن بۆ نۆهەمین هەواڵنامەی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە دەربارەی

# یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردەوەی دادپەروەرانە، بە بەردەوامی هەواڵنامە بڵاو دەکاتەوە بە مەبەستی هاوبەشکردنی زانیاریی درووست و نوێکراوە لەسەر یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی، لەگەڵ بۆچوون و ئەزموونەکانی هەموو ئەو لایەنە کارایانەی لە جێبەجێکردنی ئەم دادپەروەرییە کاریگەرەدا بەشدارن، ئەمەش بۆ خستنەبەرباسی ئەو دڕندەییانەی داعش لە عێراق ئەنجامی داون.

## دواین هەواڵەکان دەربارەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی

### ئاماری داواکارییەکان

بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ڕزگاربووان و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ڕایان گەیاند کە بڕەپارەی قەرەبوو بۆ ٢،٢٢٨ سوودمەند لە ڕزگاربووانی دەستی داعش لەچوارچێوەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدیدا لە مانگی تشرینی دووەمدا خەرج کراوە. دەتوانن وردەکاریی زیاتر لەو بارەیەوە لە پەڕەی فەرمی بەڕێوەبەرایەتییەکە لە فەیسبوک ببینن:

https://www.facebook.com/profile.php?id=100076062182514.

### جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی

نوێکارییە گرنگەکان:

- **میکانیزمی نوێ بۆ ئیفادەدان لە دوورەوە بۆ داواکارانی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی لە دەرەوەی وڵات دەستی پێکرد.**

بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ڕزگاربووان بە هاوکاریی دادگای تێهەڵچوونەوەی نەینەوا، دادگای لێکۆڵینەوەی ئەلقوش و وەزارەتی دەرەوە، میکانیزمێکی ئیفادەدانی دووری لە ڕێگەی ڤیدیۆ کۆنفرانسەوە بۆ داواکارانی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی، کە لە دەرەوەی وڵات نیشتەجێن، دەست پێکرد. ئەم دەستپێشخەرییە، لە ڕێگەی نوێنەرایەتییە دیپلۆماسییەکان لە ئەڵمانیا (بەرلین و فرانکفۆرت) و فەرەنسا (پاریس)، دەستی کردووە بە ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕزگاربووانی دەرەوەی وڵات کە ئەمەش ئاسانکاری دەکات بۆ کۆکردنەوەی ئیفادەکان لەو شوێنانە.

دانیشتنەکانی ڤیدیۆ کۆنفرانس لە دادگای تێهەڵچوونەوەی نەینەوا لە موسڵ بەڕێوە دەچن، ئەمەش بە ئامادەبوونی دادوەر ڕەعد موسلیح، سەراب ئەلیاس (بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتییەکە)، لەگەڵ دادوەر خالید هوەیدی (سەرۆکی لیژنەکە) بە مەبەستی سەرپەرشتیکردنی پرۆسەکە.

ئەو داواکارە شایستانەی خوازیارن لەم پرۆسەیەدا بەشدار بن، دەتوانن لە ڕێگەی واتسئەپەوە یان لە ڕێگەی پەڕەی فەرمی بەڕێوەبەرایەتییەکە لە فەیسبووک وردەکارییەکانیان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکە هاوبەش بکەن:
+٩٦٤ ٧٥١١٠٠٢٩٧٧ (واتسئەپ)
https://www.facebook.com/profile.php?id=100076062182514

زانیارییە داواکراوەکان:

- ناوی دایک
- ڕێکەوتی لەدایکبوون
- ناونیشانی ئێستا
- ژمارە تەلەفۆن
- شوێنی دەستنیشانکراو (فرانکفۆرت، بەرلین، یان پاریس)

ئەم هەنگاوە گرنگە ئاسانکاری بۆ ڕزگاربووانی دەرەوەی وڵات دەکات بۆ دەستگەیشتنیان بە دادپەروەری و بەشداریکردنیان لە پرۆسەی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی. بەڵام هێشتا یەکلا نەکراوەتەوە ئایا ڕزگاربووانی دەرەوەی وڵات داوای ڕێگەپێدانی ئەمنی و مەرجی بەڵگەیی دیکەیان لێ دەکرێت، وەک بەدەستهێنانی ئیفادەی سێ شایەتحاڵ کە هاوکات سوودمەندی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدین، وەک چۆن ئەمە لە بەشێک لە داواکارانی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی داوا کراوە. ئەم بارگرانییە قورسەی سەلماندن لە ژمارە #٦ی هەواڵنامەکەدا ئاماژەی پێکراوە. لێرەدا زیاتر لەو بارەیەوە بخوێنەرەوە:
/https://c4jr.org/wp-content/uploads/2024/06/C4JR-NL_6-SOR.pdf

- **هەڵمەتێکی نوێ بۆ دۆزینەوە و ئازادکردنی ڕفێنراوان لە سەرانسەری عێراق**

بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ڕزگاربووان بە هەماهەنگی لەگەڵ نووسینگەی سەرۆکوەزیران هەڵمەتێکی میدیایی سەرتاسەری دەست پێکردووە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ڕفێنراو و بێسەروشوێنەکان لە سەرتاسەری عێراق. ئەم دەستپێشخەرییە بریتییە لە ناردنی نامەی کورت بۆ سەرجەم پارێزگاکانی عێراق و نمایشکردنی پۆستەر بۆ هاندانی خەڵک بۆ هاوبەشکردنی هەر زانیارییەکی پەیوەندیدار.

بۆ زیاتر پشتگیریکردنی ئەم هەوڵە، پاداشتێکی دارایی بۆ ئەو کەسانە تەرخان کراوە کە وردەکاریی وا دەخەنە ڕوو کە ببێتە هۆی ڕزگارکردن و ئازادکردنی ڕفێنراوان. هەڵمەتەکە بە هاوکاریی تیمی پەیوەندییەکانی حکومەت و نووسینگەی سەرۆکوەزیران بەڕێوە دەچێت. ئەم دەستپێشخەرییە جەخت لەسەر پابەندبوونی حکومەت دەکاتەوە بۆ بەیەکگەیاندنەوەی خێزانەکان و دەستەبەرکردنی دادپەروەری بۆ ئەو کەسانەی بەهۆی ڕفاندنەوە زیانیان بەرکەوتووە، وەک لە مادەی ٥.٧ ی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدیدا هاتووە.

تا ئێستا بەڕێوەبەرایەتییەکە لە ڕێگەی داتابەیسە ئۆنلاینەکەیەوە ناو و وردەکارییەکانی ٦٧٩ کەسی ڕفێنراو و بێسەروشوێنکراوی کۆ کردووەتەوە. ئەگەر زانیاریت لەسەر کەسانی ئازیزی ونبووت هەیە، دەتوانیت لە ڕێگەی ئەم فۆرمە ئەلیکترۆنییەی خوارەوە وردەکارییەکان پێشکەش بکەیت: https://sur.spa.gov.iq/.




- **پشتگیری خوێندن بۆ ڕزگاربووان: ١٦ ڕزگاربوو دەگەڕێنەوە بۆ قوتابخانە**

لە چوارچێوەی ڕێوشوێنەکانی قەرەبووکردنەوەدا، بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ڕزگاربووان بە سەرکەوتوویی ئاسانکاریی کردووە بۆ گەڕانەوەی ١٦ ڕزگاربوو بۆ خوێندن، بەوەی یارمەتییان دەدات دەست بکەنەوە بە خوێندن و ئایندەیان بنیات بنێنەوە. بۆ پاڵپشتیکردنی ئەم پرۆسەیە، وەزارەتی پەروەردە نووسراوی فەرمی بۆ پاڵپشتیکردنی دەستپێکردنەوەی خوێندنی فەرمی بۆ ئەم جۆرە خوێندکارانە دەر دەکات. دەتوانرێت ئەم نووسراوانە بخرێنە بەردەم ڕێنماییە پەیوەندیدارەکانی حکومەت و قوتابخانەکان بۆ یارمەتیدانی گەڕانەوەی خوێندکاران بۆ خوێندن. ئەم دەستپێشخەرییە ڕەنگدانەوەی پابەندبوونی بەڕێوەبەرایەتییەکەیە بۆ دابینکردنی دەرفەتی خوێندن بۆ ڕزگاربووان و منداڵەکانیان، وەک لە مادەی ٥.٤ی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدیدا هاتووە.

ئێمە هانی ئەو ڕزگاربووانە دەدەین کە ئارەزووی گەڕانەوە بۆ قوتابخانە دەکەن، بۆ وەرگرتنی هاوکاری پەیوەندی بە بەڕێوەبەرایەتییەکەوە بکەن. ڕزگاربووان دەتوانن پەیوەندی بە فەرمانگەکانی موسڵ یان شەنگالەوە بکەن لە ڕێگەی پەیوەندیکردن بە ژمارە تەلەفۆنی ٢٩٧٧ . . ٧٥١١ ٩٦٤+ یان لە ڕێگەی پەیوەندیکردن بە پەڕەی فەرمیی بەڕێوەبەرایەتیەکە لە فەیسبووک: https://www.facebook.com/profile.php?id=100076062182514.

- **ناوەندەکانی ڕاهێنانەوە لە موسڵ و شەنگال دادەنرێن**

لە میانی چوارەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی پەیمانگای چارەسەری دەروونی و پزیشکیی زەبری دەروونی سەر بە زانکۆی دهۆک، نوێنەری بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری ڕزگاربووان، بەشار عەبدولعەزیم، نوێکارییەکانی سەبارەت بەو ڕێوشوێنانە خستە ڕوو، کە بەڕێوەبەرایەتییەکە بۆ پاڵپشتیکردنی ڕزگاربووان گرتوونیەتە بەرلە ڕێگەی دامەزراندنی ناوەندەکانی چاودێریی نموونەیی گشتگیرەوە لە شەنگال و موسڵ، بۆ ئەوەی ئەم ناوەندانە خزمەتگوزارییەکانی تەندروستیی دەروونی، ڕاهێنانەوەی دەروونی، هەروەها پرۆگرامەکانی تر بۆ قوربانییان و خێزانەکانیان دابین بکەن.

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە پێشنیاری بەهێزکردنی هاوکاری لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمی کوردستانی عێراق دەکات بۆ دڵنیابوون لەوەی ناوەندەکانی ڕاهێنانەوە لەو ناوچانەدا دادەمەزرێن کە بۆ ڕزگاربووان بەردەستن و بە جۆرێکیش دیزاین دەکرێن کە کەمترین مەترسیی دووبارە درووستبوونەوەی زەبری دەروونییان تێدا بێت.

- **دەرکردنی نامەی خاوەندارێتیی زەوی بۆ ڕزگاربووان**

لە مانگی تشرینی یەکەمدا شارەوانی شەنگال دەستی کرد بە دەرکردنی نامەی خاوەندارێتیی زەوی بۆ ئەو ڕزگاربووانەی بەپێی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی پارچە زەوی نیشتەجێبوونیان وەر گرتووە. بەڕێوەبەرایەتیی شارەوانی شەنگال بەشێوەیەکی کارا پاڵپشتی بەڕێوەبەرایەتیی تۆمارکردنی خانووبەرە دەکات بۆ دڵنیابوون لەوەی ڕزگاربووان بەڵگەنامەی خاوەندارێتیی فەرمی بە ناوی خۆیانەوە وەر دەگرن. ئەم هەنگاوە گرنگە نوێنەرایەتیی پێشکەوتن دەکات لە دابینکردنی سەقامگیری و ئاسایشی درێژخایەن بۆ ڕزگاربووان لە ڕێگەی خاوەندارێتی زەوییەوە وەک لە مادەی ٦.٢ی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدیدا هاتووە.



بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری ڕزگاربووان، سەراب ئەلیاس، پارێزگاری نەینەوا، عەبدولقادر ئەلدەخیل، لە چوارچێوەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدیدا پارچە زەوی نیشتەجێبوون بەسەر ڕزگاربووانی شایستەدا دابەش دەکەن. وێنەکە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ڕزگاربووان وەرگیراوە.

## هەواڵە پەیوەندیدارەکان

- لە مانگی تشرینی یەکەمدا، بەڕێوەبەری گشتی سەراب ئەلیاس لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک بەشداری کرد لە یادی ١٥ ساڵەی ئەرکی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە توندوتیژیی سێکسی لە کاتی ململانێکاندا، کە بەپێی بڕیارنامەی ١٨٨٨ ی ئەنجومەنی ئاسایش دامەزراوە. لە میانی وتارەکەیدا، خاتوو ئەلیاس تیشکی خستە سەر هەوڵەکانی عێراق بۆ پشتگیریکردنی ڕزگاربووانی توندوتیژی سێکسی لە ڕێگەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدییەوە، هەروەها جەختی خستە سەر ئەوەی هاودەنگیی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی سێکسی پەیوەست بە ململانێ و دواجار کۆتاییهێنان بە توندوتیژیی سێکسی پێویستییەکی گرنگە. دەتوانن لەم بەستەرەوە چالاکییەکە ببینن:https://webtv.un.org/en/asset/k1q/k1q98uvrrs.
- لە مانگی تشرینی یەکەمدا، REDRESS و سندوقی جیهانی ڕزگاربووان کورتەیەکیان بۆ لیژنەی نەهێشتنی جیاکاری دژی ژنان (CEDAW) بڵاوکردەوە، کە تیایدا تیشک خرایە سەر ئەو بەربەستانەی ڕزگاربووانی توندوتیژیی سێکسی پەیوەست بە ململانێکان لە دەستڕاگەیشتن بە قەرەبووکردنەوەدا ڕووبەڕوویان دەبنەوە. ڕاپۆرتەکە بەدواداچوون بۆ ئەم بەربەستانە لە سەرانسەری چوارچێوە جیاوازەکاندا دەکات، لەوانەش یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی لە عێراق. تەواوی ڕاپۆرتەکە لێرە بخوێنەرەوە:https://redress.org/wp-content/.CEDAW-Briefing_EN-v.3.pdf/10/uploads/2024
- لە مانگی تشرینی دووەمدا، بەڕێوەبەرایەتییەکە ڕاهێنانی تواناسازی لەسەر بابەتی مامەڵەکردنی ئەخلاقی لەگەڵ ڕزگاربوواندا ئەنجام دا، کە لەلایەن ڕێکخراوی جیهانیی فەریدە-وە ئەنجام درا، ئەمەش لەسەر بنەمای ئامرازەکانی مامەڵەکردنی ئەخلاقیی تایبەت بە هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە C4JR. ئەم دەستپێشخەرییە پراکتیزە باشەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکە نیشان دەدات، کە ڕەنگدانەوەی پابەندبوونیەتی بە پێشخستنی ئەو ڕێبازانەی چەقی بایەخیان ڕزگاربووانە و هەروەها دڵنیایی دەدات لەوەی ستاندارده ئەخلاقییەکان لە پەیوەندییەکان لەگەڵ ڕزگاربوواندا پەیرەو دەکرێن. لەم بەستەرەوە دەتوانیت دەستت بە ئامرازەکان بگات: https://c4jr.org/2907202429430
- هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە هاوکاریی یاسایی پێشکەش بە ژمارەیەکی سنووردار لە داواکاران لە پرۆسەی داواکاری و تانەدان لە یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی دەکات. ئەوانەی پێویستییان بەم جۆرە خزمەتگوزارییانە هەیە دەتوانن پەیوەندی بە C4JRەوە بکەن لە ڕێگەی legalaid@c4jr.org یان لە ڕێگەی ئەم ژمارە تەلەفۆنەی خوارەوە +٩٦٤ ٧٥٠٨٥١٦٣١١

## هەوڵەکان بۆ لێپرسینەوە

- ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتی، ڕەشنووسی یاسایەکی تایبەت بە چارەسەرکردن و بەرەنگاربوونەوەی تاوانە نێودەوڵەتییەکان بڵاو کردەوە. یاسای بەرەنگاربوونەوە و سزادانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان کە پسپۆڕانی یاسایی پرۆفیسۆر محەمەد ڕەشید و د.توانا عەبدولڕەحمان دایان ڕشتووە، لە ساڵی ٢٠٢٢ەوە لە پەرەپێداندایە و لە مانگی یەکدا پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان دەکرێت. لەم بەستەرەوە ڕەشنووسی یاساکە بخوێنەرەوە: https://kc-interlaw.org/web/viewer.html?file=https://images.kc-interlaw.org/root/root/images/122092023_ACPIC%20English%20Version%204.pdf.

- لە مانگی تشرینی یەکەمدا دادگاییکردنی حەسنا ئەی لە دادگای ناوچەی لاهای دەستی پێکرد، کە دۆسێیەکی گرنگە بەو پێیەی دادگاییکردنی هاوڵاتییەکی هۆڵەندییە لەسەر تاوانەکانی دژی ژنانی ئێزیدی، هەروەها حەسنا یەکەم کەسە لە هۆڵەندا بە تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی داعش بەرانبەر کەمینە ئێزدییەکان لە سوریا دادگایی بکرێت. لە 11ی کانوونی یەکەمدا دادگای ناوچەی لاهای بە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی وهێشتنەوەی ژنێکی ئێزدی وەک کۆیلە لە سوریا سزای تۆمەتبارەکەی دا و 10 ساڵ زیندانی بەسەردا سەپاند. بەداخەوە، دادگا هیچ قەرەبوویەکی بۆ هیچ زیانێک دانەنا. لێرەوە زیاتر لەبارەی ئەو کەیسە بخوێنەرەوە: https://nuhanovicfoundation.org/wp-content/uploads/2024/09/New-Revised-Hasna-A.-FAQ-Doc.pdf.

## ئاستەنگەکان

هەر ژمارەیەکی هەواڵنامەکەمان تیشک دەخاتە سەر ئەو ئاستەنگە دیاریکراوانەی ڕووبەڕووی ڕزگاربووان یان ئەو لایەنە پەیوەندیدارانە دەبنەوە کە کار بۆ جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی دەکەن. لەم چاپەدا، سەرنج دەخەینە سەر گرفتێکی زەق: ئەو ڕزگاربووانەی دەیانەوێت لە کەرتی گشتیدا دابمەزرێن و لە هەمان کاتدا مافەکانیان بۆ قەرەبووکردنەوە بپارێزن.

قەرەبووکردنەوە وەک جۆرێک لە گەڕاندنەوەی ماف بە مەبەستی چاککردنەوەی هەر زیانێک دێت کە بتوانرێت لە ڕووی ئابوورییەوە هەڵبسەنگێندرێت، وەک دەرفەتە لەدەستچووەکانی وەک دامەزراندن یان خوێندن، هەروەها زیانە مادی و ئەخلاقییەکان. بەپێی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی، مادەکانی پێنجەم و شەشەم باس لە ڕێوشوێنەکانی قەرەبووکردنەوە دەکەن. بەپێی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی، مادەی ٥.٤ بەڕێوەبەرایەتییەکەی ڕاسپاردووە بۆ دەستەبەرکردنی هەلی کار و دامەزراندن بۆ ڕزگاربووان بە مەبەستی پشتگیریکردن لە خۆشگوزەرانیی ئابووری و کۆمەڵایەتییان، هەروەها مادەی ٦.٤ ڕێگە بە ڕزگاربووان دەدات بۆ دەستڕاگەیشتن بە کارەکانی کەرتی گشتی لەپێشترین بن.

هەرچەندە یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی بەڕوونی ڕێگری ناکات لە دەستڕاگەیشتن بە چەندین جۆری قەرەبووکردنەوە- وەک قەرەبووکردنەوە، بوژاردن، ڕاهێنانەوە و مسۆگەرکردنی دووبارەنەبوونەوەی ئەو تاوانانە- بەڵام بەردەوام سەرلێشێوایی هەیە سەبارەت بەوەی ئایا ڕزگاربووان دەتوانن قەرەبووی مانگانە وەربگرن ئەگەر هاوکات لە کەرتی گشتی دامەزرابن.

ئەو ڕزگاربووانەی لەلایەن هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانەوە ڕاوێژیان پێکراوە، باس لە دووڕیانێک دەکەن: یان دەبێت بۆ بەدەستهێنانی دامەزراندن لە کەرتی گشتی پارەی قەرەبووکردنەوەکە ڕابگرن، یان دەبێت بە تەواوی دەستبەرداری هەلی کارە جێگیرەکان بن. ئەم دۆخە سەختە شکۆ و سەربەخۆیی و هەوڵەکانی ڕزگاربووان بۆ تێکەڵبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵگادا تێک دەدات. جگە لەوەش، ترسەکان سەبارەت بە کاردانەوەی یاسایی بەهۆی وەرگرتنی دوو مووچەی دەوڵەت، فشاری ناپێویست زیاد دەکات و تەندروستی و چاکبوونەوەیان دەخاتە مەترسییەوە.

نابێت ڕزگاربووانی جینۆساید و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی ناچار بکرێن لە نێوان دامەزراندن لە کەرتی گشتی و مافی قەرەبووکردنەوەی مادی هەڵبژێرن. زۆرێک لە ڕزگاربووان لە تەمەنێکی بچووکدا بەرگەی زیانەکانیان گرتووە و هەموو ژیانیان لە پێشە بۆ ئەوەی دووبارە بنیاتی بنێنەوە. ناچارکردنیان بەوەی لە نێوان دامەزراندن لە کەرتی گشتی و پاراستنی مافەکانیان بۆ قەرەبووکردنەوە بەپێی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی هەڵبژێرن، مەترسیی ئەوەی هەیە ڕێگری بکات لەوەی بتوانن لەسەر پلانێکی درێژخایەنی ژیان بەردەوام بن. هەڵبژاردنێکی لەو جۆرە دەتوانێت ڕزگاربووان کەم بکاتەوە بۆ کەسانێک کە وەرگری بێبەرهەمی هاوکارییەکانی بژێوین، لەبریی ئەوەی بەهێزیان بکات بۆ ئەوەی ببنە بەشداربووی چالاک و پشتبەستوو بە خۆیان لە کۆمەڵگادا. هەروەها داخستنی ئەگەری دامەزراندنی گشتی پاڵنەرەکانی ڕزگاربووان بۆ بەردەوامیدان بە خوێندن وەک ڕێوشوێنێکی قەرەبووکردنەوە بە شێوەیەکی بەرچاو کەم دەکاتەوە.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە، هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە پێشنیاری ئەوە دەکات حکومەتی عێراق ئێستسنا بۆ سوودمەندانی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی بکات، بەوەی ڕێگەیان پێبدات هەردوو جۆری پشتیوانی وەر بگرن. پێشینەیەک بۆ ئەمە بەپێی یاسای دەزگای شەهیدانی ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠١٦ هەیە کە ڕێگە بە وەرگرتنی دوو مووچەی دەوڵەت دەدات وەک لە مادەی ١١.٢دا هاتووە. هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە داوای ڕێوشوێنی خێرا دەکات بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە و دڵنیابوون لەوەی کە ڕزگاربووان دەتوانن دەستیان بە تەواوی مافەکانیان بۆ قەرەبووکردنەوە بەپێی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی بگات.

## لە هەواڵنامەی داهاتوودا

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە لە ئێستادا خەریکی پەرەدانە بە ڕاپرسییەکی نهێنی بۆ کۆکردنەوەی تێڕوانینەکان لەبارەی ڕازیبوونی ڕزگاربووان لەو بڕە پارەی قەرەبووەی لە چوارچێوەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدیدا وەری دەگرن. ئامانجی ئەم ڕاپرسییە ئەوەیە باشتر لەوە تێبگات بڕەپارەی قەرەبووەکە چۆن کاریگەریی لەسەر ڕزگاربووان و خۆشگوزەرانیان بەگشتی هەیە. ئێمە بڕوامان وایە ئەم فیدباک و تێبینییانە زۆر گرنگن بۆ باشترکردنی ڕێوشوێنەکانی قەرەبووکردنەوە ودڵنیابوون لەوەی پێویستییەکانی ڕزگاربووان پڕ دەکەنەوە. نوێکاری لەسەر بەرەوپێشچوون و دۆزینەوەکانی ڕاپرسییەکە لە هەواڵنامەکانی داهاتوودا بڵاو دەکرێنەوە. چاوەڕوانی زانیاریی زیاتر بن!

## هیچ دوا وادەیەک بۆ پێشکەشکردنی داواکاری نییە!
## ئەگەر تۆ ڕزگاربوویت، لێرەدا دەتوانیت بزانیت چۆن داواکاری پێشکەش بکەیت

ئەگەر تۆ سەر بە یەکێک لەم گروپانەی خوارەوەیت، یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی قەرەبووت پێشکەش دەکات:

- ژنە دیلە ڕزگاربووەکانی ژێر دەستی داعش، کە پێگەیشتوو یان خوار تەمەنی یاسایی بن و لە پێکهاتەکانی ئێزدی، شەبەک، مەسیحی یان تورکمان بن
- پیاوانی ئێزدی، کە ئەو کاتەی تەمەنیان خوار ١٨ ساڵ بووە لەلایەن داعشەوە ڕفێندراون.
- هەموو ئەو کەسانەی لە پێکهاتەکانی ئێزدی، شەبەک، مەسیحی، تورکمانن و لەلایەن داعشەوە ڕفێندراون و بە شێوەیەکی کەسی لە ڕووداوێکی دیاریکراوی کۆمەڵکوژیی داعش ڕزگاریان بووە.

داواکارییەکان پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری ڕزگاربووان دەکرێت. دەتوانیت بە سێ شێوە داواکاری پێشکەش بکەیت:

- وەرگرتنی وادەی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکە لە یەکێک لە فەرمانگەکانیان لە شەنگال یان موسڵ، پاشان سەردانکردنی فەرمانگەکە لە وادەی دیاریکراودا. دەتوانن وادەی چاوپێکەوتن لەم بەستەرەدا دیاری بکەن: https://ur.gov.iq/login بۆ زانیاری لەسەر چۆنیەتی دانانی وادەی چاوپێکەوتن، تەماشای ئەم ڤیدیۆیە بکە: https://www.youtube.com/watch?v=6ARuIcl4gYU&ab_channel=IOMIRAQ .
- پڕکردنەوەی فۆڕم و بردنی بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکە بە دەستی. لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا پێویستە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو بەستەرەی سەرەوە ناوت تۆمار بکەیت بۆ ئەوەی کۆدی تۆمارکردنی تایبەتی خۆت بەدەست بهێنیت.
- پێشکەشکردنی داواکاری بە شێوەی سەرهێڵ. دەتوانیت داواکارییەکەت، لەگەڵ هاوپێچی وێنەیەک لە ناسنامەکەت و هەر بەڵگەنامەیەکی پشتگیری کە هەتە لەو بەستەرەی سەرەوە پێشکەش بکەیت. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر چۆنیەتی پێشکەشکردنی داواکاری بە شێوازی سەرهێڵ، لەم ڤیدیۆیە بڕوانە: https://www.youtube.com/watch?v=QfoDfQWwErE&ab_channel=IOMIRAQ

دەتوانیت بە تەنیا خۆت داواکاری پێشکەش بکەیت، پێویستت بە پارێزەر و ڕێکخراوی ناحکومی بۆ پێشکەشکردنی داواکاری نییە. ئەگەر خوازیاری هاوکاریی بوویت لە پێشکەشکردنی داواکارییەکەت، دەتوانیت پەیوەندی بە ڕێکخراوە ناحکومییەکانی ناوچەکەتەوە بکەیت. **وادەی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی کراوەیە. هەروەها هیچ پارەیەک بۆ پێشکەشکردن نادەیت**

. دەتوانیت لە فەیسبووک ئاگات لە ئاگادارییەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکە بێت:
https://www.facebook.com/profile.php?id=100076062182514:

# دەربارەی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە (C4JR)هاوپەیمانییەکە لەنێوان ٣٤ ڕێکخراوی ناحکومیدا بەستراوە، کە داوای قەرەبووکردنەوەی گشتگیر بۆ قوربانیانی سیڤیلی تاوانکارییە دڕندانەکانی سەردەمی شەڕی داعش لە عێراق دەکەن. ئەم هاوپەیمانییە پشت بەیاساکانی عێراق و یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ دەبەستێت بۆ پشتگیریکردن لە داواکارییەکانی ڕزگاربووان، بەمەبەستی قەرەبووکردنەوەیان و هاندانی دەسەڵاتدارانی عێراق بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی خۆیان لە دابینکردنی قەرەبووەکاندا. هاوپەیمانییەکە کار دەکات بۆ ئاگادارکردنەوە و داکۆکیکردن و خستنەڕووی چارەسەرە گونجاوەکان، هەروەها بۆ بەشدارییپێکردنی لایەنە پەیوەندیدارە جیاوازەکان لەپێناو دڵنیابوون لەوەی ڕزگاربووان مافی خۆیان بۆ قەرەبووکردنەوە بەدی دەهێنن، ئەمەش لەڕێگەی دابینکردنی بۆشاییەک بۆ وردبینی و هاوکاری و بیرکردنەوە.

بۆ زانیاریی زیاتر، لێرەوە سەردانی ماڵپەڕەکەمان بکە: www.c4jr.org

@C4JRorg

C4JR updates
WhatsApp group

ئەم بڵاوکراوەیە لە ڕێگەی ئەو پشتگیرییەوە هاتووەتە کایەوە، کە لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) پێشکەش کراوە، بەپێی مەرجەکانی حکومەتی هۆڵەندا. ئەو بۆچوونانەی لێرەدا دەربڕدراون، تایبەتن بە هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە و مەرج نییە ڕەنگدانەوەی بۆچوونەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ لە عێراق بن.